گەڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (197) یەکشەممە 4-11-2007

لێدانی ئێران چەکی ناوەکییەکەی خێراتر دەکات

ڕۆژنامەی **گاردیانی** بەریتانی لە ژمارەی دوێنێ لەسەرگوتاری خۆیدا باسی پەلاماردان و هێرشکردنە سەر ئێرانی کردووەو نووسیویەتی: بۆردمان کردنی ئێران هەتا ئەگەر پێگەکانی ناوکیش تێک بدات، کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها هانی ئێران دەدات تا پەلە لەوەدەستهێنانی چەکی نیوکلیاری بکات.

گاردیان پێیوایە هێرشکردنە سەر ئێران بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ چالاکی سەربازی دەگۆڕێ و بەئاشکراش دەردەکەوێ، هەروەها گەلی ئێرانیش هاوپشتی لەگەڵ دەستەڵاتەکەیدا دەکات، ئەوکاتە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەنادات چاودێرانی نێودەوڵەتی سەردانی پێگەکانی بکەن، لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی دەکشێتەوە، بەوهۆیەشەوە داهاتوویکی ترسناک وەدی دێ.

3ل تورکیا دەیەوێ بێتە ناو هەرێمی کوردستان یان هاتووە؟!

4ل تەلەفۆنی گشتی بۆ خزمەتی وڵاتیان یان بۆ بێزارکردنیان؟!

5ل ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

6ل جارێکی دیکە بۆ ژیان دەگەڕێمەوە

7ل بیرەوەریەکانم "زرار سلێمان بەگ"

بۆ ڕێگرتن لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، ئەردۆگان سەردانی ئەمریکا دەکات

ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ جۆرج بووشی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمڕۆ بەرەو واشنگتۆن بەڕێ دەکەوێ.

ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاشکراکراوە کە لەو سەردانەدا ئەردۆگان و بووش باس لە کێشەو گرفتی پەکەکەو لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام چاودێران پێیانوایە جگە لەو بابەتە، لەو سەردانەدا سێ تەوەرەی دیکە باسیان لێوە دەکرێ.

لەو سەردانەدا ئەردۆگان دەیەوێ گرەنتی لە ئەمریکا وەربگرێ کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێکنەیەت! ئەمریکا پشتیوانی لە تورکیا بکات تا لە یەکێتی ئەورووپا جێگەی بکرێتەوە، هەروەها بووشیش لە ئەردۆگان دەخوازێ کە لە هێرشکردنە سەر دامەزراوە ناوەکیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری بکەن، فڕۆکەکانی خۆیان بۆ فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا بخەنە سەرپشت.

سەرچاوەکانی هەواڵ وا ڕادەگەیەنن کە پێشتر پێشنیارێکی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی بەشێکی باشووری کوردستان پێشکەش بە کۆشکی سپی کرابوو، بەومەرجەش تورکیا ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنی ئەمریکا لە لیدان و هێرشکردنە سەر ئێران پێشان دابوو، ڕایگەیاندبوو کە لە جیاتی خاکی بولگارستان، ئەمریکا دەتوانی سوود لە زەوی و خاکی تورکیا وەربگرێ، بەڵام کۆشکی سپی وەڵامی ئەرێنی بە پێشنیارەکەی ئەنکارا نەدابۆوە، مەترسی ئەوەشی هێنابۆوە کە ببێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی ناوچەکەو بە زیانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو تورکیا تەواو ببێ، بۆیە چاودێران پێیانوایە لەم سەردانەدا باس لەو پێشنیارە ناکرێتەوە، هەرچەندە ئەردۆگان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات تا ئەمریکا بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە هاوکاری سوپای تورکیا بکات و گوشاریش بخاتە سەر کورد تا پاشەکشە لە ماددەی 140 بکات.

چاودێران پێیانوایە کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هۆشیار زێباریەوە ئاگایان لەو پیلانە هەیە کە تورکیا دەیەوێ دژ بە کوردستان بەڕێوەی ببات، هەربۆیەش ئەویان ڕاسپاردووە تا هۆشداری بدا و بڵێ: کردەوەی سەربازیی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان دا، ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، حکومەت و گەلی عێراق ئەمە پەسند ناکەن، بە مەترسی و هەڕەشەی بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق دادەنێن.

دادگەیەکی تورکیا دۆزێک لە دژی سەرۆک تاڵەبانی دا دەکاتەوە

سی ئێن ئێن: دژ بە سەرۆک تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق بەبیانۆی هەوڵدانی بۆ تێکدانی یەکێتی ڕیزەکانی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی تورکیا، دۆزێک کراوەتەوە و دۆسیەکەشی ڕادەستی دادگەی تاوانە قورسەکانی ئیستانبول کراوە.

بەگوێرەی هەواڵێکی تەلەفیزیۆنی سی ئێن ئێن تورک ئەو دۆسیەیەی کە پێشتر ڕەوانەی سەردۆزگەریی دادگەی کۆماریی دیاربەکر کرابوو، جارێکی دیکە پێداچوونەوەی لەسەر کراوە و بۆ "دادگەی کۆماریی تاوانەکانی قورس لە ئیستانبول ڕەوانە کراوە. بە گوێرەی هەمان سەرچاوە سەردۆزگەریی دیاربەکر بریاریشی داوە دۆسیەکە لەلایەن داواکارێکی تایبەتەوە ڕاوەستەی لەسەر بکرێ.

پێشینەی دۆسیەکە چەند ڕێکخراوەیەکی سەر بە ئەرتەشی تورک، لە دژی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دۆزێکیان کردبۆوە و دۆسیەیەکیان ڕادەستی سەردۆزگەریی دیاربەکر کردبوو. لە دۆسیەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی دژایەتیی دەوڵەتی تورکیای کردووە و هەڕەشەی لە یەکێتی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی تورکیا کردووە، سکاڵا لە دژی تاڵەبانی تۆمار کرابوو، داواش کرابوو بە پێی یاساکانی تورکیا سزا بدرێ.

لەو دۆسیەیەدا لێدوانەکانی تاڵەبانی لەگەڵ هەوڵەکانی ئۆجالان وێکچوێترابوون و جەختیش کرابۆوە کە ناوبراو پشتیوانی لە پ.ک.ک دەکات.

هەرچەندە کە سەرۆک تاڵەبانی بەردەوام جەخت لەسەر هاوکاری و پێوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەکاتەوە، بەڵام چونکە ئامادە نیە بە هێزی سەربازی لەدژی گەریلاکانی پەکەکە ڕابوەستێ، بۆیە تورکەکان دەیانەوێ وەک تاوانبار بیناسێنن.

جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر دادگەیەکی تورکیا دۆزێکی هاوشێوەی دژ بە سەرۆک بارزانی کردبۆوەو ناکام مابۆوە.

ڕۆژەڤ

نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق بێ ئەوەی ڕێز لە هەستی کوردستانیان بگرێ، بێ ئەوەی پێوانە بۆ هاوپەیمانێتی خۆی و حزبەکەی لەگەڵ لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان و سەرکردەکانیان بکات بەردەوام خۆشخزمەتی بۆ تورکیا دەکات و پارتی کرێکارانی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان بە تیرۆریست ناودەهێنێ. مالکی هێشتا دەستەڵاتی بەسەر گرین زۆنی بەغداد نیە، کەچی لوتبەرزانە ڕەفتار دەکات و دڵی دووەمین نەتەوەی ناو چوارچێوەی عێراق لەخۆی دەڕەنجێنێ، ئەگەر سوپایێکی بەهێزی هەبووایەو دەستەڵاتی بەسەر کوردستاندا بشکابایە ئایا بە چ زمانێک باسی لە خواستی کوردستانیان دەکردو چ پێناسەیەکی بۆ تێکۆشەرانی کوردستان دەکرد؟!

ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغداد هەمیشە پێوانەی زۆریان بۆ نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەر کردوە، کەچی سەرسەختانە دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستانی ئاخێنراوی ناو عێراق ڕاوەستاون و هەوڵی لەبێن بردنیان داوە، ئێستا دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت، کە دەستەڵاتدارانی عێراق باس لە عێراقێکی فیدراڵی، دیموکراتی و فرەلایەنی دەکەن کەچی بە شێوازێکی دیکەوە دژایەتی گەلی کوردستان دەکەن و هەوڵی ڕازیکردنی دڵی دەوڵەتانی بەرژەوەندخوازی ناوچەکە دەدەن.

ئەگەر بەراورد لەنێوان نوری مالکی و دەستەڵاتدارانی پێشووی عێراق بکەین، دەبینین ئەوانەی پێشوو کاتێک دژایەتی گەلی کوردستانیان کردووەو هەستی نەتەوەی کوردستان بریندار کردووە کە لە تڕۆکی دەستەڵات و هێز دابوونە، بەڵام نوری مالکی لە کاتێکدا لەوپەڕی لاوازی دایە، ئەگەر پشتیوانی لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان نەبێ بەچەپڵەی دەستان لە پۆستی سەرۆکوەزیران دەردەکرێ، کەچی لەبەردەم سەرانی تورکیاو لەبەرچاوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکانی جیهان دا بێباکانە باس لەبرینەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان دەکات. ئامادەیی خۆی بۆ لێدانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دووپات دەکاتەوە، پەیماننامەی ژەهراوی لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردستان مۆر دەکات.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان باسکی هەرە بەهێزی ئەو دەوڵەتەیە کە نوری مالکی حوکمی دەکات، بەڵام ئەو دەیەوێ دەستە ئارام و بەهێز و لێهاتووەکەی خۆی پێشکەش بە تورکیا بکات و بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەوان ئەو دەستە بەتوانایەی ببڕێتەوە.

هەرچەندە کوردستانیان دڵنیان کە خەونەکانی دوژمن و ناحەزانیان پوچەڵ دەبنەوە، ئەو ڕەشەبایە ناوەختەش تێپەڕ دەبێ و لە داهاتوویێکی نزیکدا نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوە سەربەرزەکانی دیکەی جیهان بە ئازادی یەکجارەکی دەگات و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی ڕادەگەیەنێ، ئەو کاتە تەنیا ریسوایی و نەفرەت بۆ ستەمکارو زۆردەستان دەمێنێتەوە.

"قامیشلۆ و سلێپی"یش دژ بە هەڕەشەکانی تورکیا ڕێپیوان دەکەن

دوای ئەوەی دانیشتووانی شارەکانی باشووری کوردستان دژ بە هەڕەشەو ئەگەری لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان خۆپێشاندانیان کرد، دوای ئەوەی کوردستانیانی هەندەران بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئەورووپا ڕێپێوانیان کردو نارەزایی خۆیان لەبەرانبەر هەڕەشەکانی تورکیا دەربڕی، ئیتر نۆرەی شاری قامیشلۆ و سلێپی هات.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2-11-2007 ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی شاری قامیشلۆ بۆ نارەزایی دەربڕین لەهەمبەر هەڕەشەکانی تورکیا و بۆ پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بە ئاڵای پیرۆزو سێ ڕەنگی کوردستانەوە ڕژانە سەر شەقامەکان، هێزەکانی ئاسایشی وڵاتی سوریا ڕێگەیان پێگرتن، بۆمبی فرمێسک ڕژێنیان بەکار هێنا، دواتر تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد، لە ئاکامدا سێ کەس بوونە قوربانی و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە قۆڵبەست کران و ڕەوانەی زیندان کران. دواتر لە ڕۆژی 3-11-2007 بۆ هاودەنگی لەگەڵ کوردستانیان و پشتیوانی کردن لە هەرێمی کوردستان دەیان هەزار کورد لە شاری سلێپی باکوری کوردستان لە کاتێکدا کە ئاڵای کوردستانیان بەرز کردبۆوە ڕژانە سەر شەقامەکان و هەڕەشەکانی تورکیایان پڕۆتستۆ کرد. خۆپێشاندەران سلۆگانی" نا بۆ شەر، بەڵی بۆ ئاشتی"یان دەگوتەوە، هاوکاری و پشتیوانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان ڕادەگەیاندو داوایان لە کاربەدەستانی ئەنکارا دەکرد کە واز لە هەڕەشە بهێنێ و زمانی دایالۆگ هەڵبژێرێ.

چەنگیز چاندار: دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان سوودی تورکیا تێدا دەبێ

چەنگیز چاندار ڕۆژنامەوانیناوداری تورکیا جەخت دەکاتەوە کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە عێراقدا سودی زۆری بۆ تورکیا تێدا دەبێ. چاندار لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی سکای تورک وتی: دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەتوانێ ببێتە هەرێمێکی قەدەغەکراو بۆ تورکیا بۆئەوەی کە تیرۆرو توندڕەوی ئیسلامی نەگاتە سنورەکانی تورکیا، هەروەها گەر ئەو دەوڵەتە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا باش بێت ئەوا دەتوانێ ببێتە هۆی بە هێزبونی حکومەتی ئەنقەرە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. چاندار سەبارەت بە پەکەکە گوتی: ئێستا بۆتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیو تەنیا کێشەیەکی ئەمنی نییەو پێویستە تورکیا بە پەلە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا بدات.

بان کی مۆن چارەسەری ئاشتیانەی نێوان تورکیا و پەکەکە دەخوازێ

بان کی مۆن ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە وتەکەیدا کە دوێنێ لە کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق کە لە ئیستانبۆل بەڕێوەدەچوو جەختی لەسەر سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشە سنورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا کردەوە. ناوبراو داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە هەنگاوی جدی لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانی بنێ، بۆ ئەمەش گوتی: ئێستا عێراق بە قۆناغێکی هەستیار تێپەڕدەبێ، گەلێک کێشەی تایەفەگەری و سیاسی هەن کە لەبەردەم سەقامگیربوونی ئاسایش و ئارامی ئەو وڵاتە و هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتیمانی ڕێگرن، ئەمەشی هاوکاری باشی بە تیرۆریستان کردووە، دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێن و کێشەکانی ناو عێراق ئاڵۆزتر نەکرێن.

بان کی مۆن هەر وەکو پێشوو جەختی لەسەر گرنگی پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا کردەوە، داوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتیانەی بۆ کێشەکانی نێوانیان کرد. هەروەها بۆ پاراستنی ئاسایشی عێراق داوای لە وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد تا لێبڕاوانە هاوکاری حکومەتی عێراق بکەن، هێوربوونەوەی ڕەوشی عێراقیشی بە گرنگ و پێویست بۆ ناوچەکە دانا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com